# لەناو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.
# نەهامەتی و مافەکانی گەلی کوردمان ووروژاند!



لەو جێگایانەی باس لە مافە زەوتکراوەکان دەکرێت هەموو کات خاوەنی دەنگێکی کاریگەرین وەک ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد ـ چاک.

گرنگە دۆزینەوەی ئەو ڕێگایانەیی بۆ سەرچاوەی دەستکەوتە باڵاکان دەڕوات. خۆشبەختانە ناوەندی چاک لەدوای ئەو هەموو کۆششە نەبڕاوەیە توانی بە پراکتیکی لە یەکێک لەو ڕێگایانەدا ببێتە پیادەیەکی چست و چالاک.

لە کۆنگرەی جیهانی ساڵانەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پەیوەست بە مافی مرۆڤ، کە ساڵانە لە کونسوڵی سەرەکی ڕێخراوەکە لە شاری جنێف ی وڵاتی سویسرادا ئەنجام دەدرێت، ئێمە وەک نوێنەرایەتی قوربانیانی خەڵکی کوردستان، بە بانگهێشتێکی فەرمی ئامادەبووین. ئەمەش شانازیەکی مێژوویی گەورەیە کە ڕێخراوەکەمان توانی ئەم خزمەتە گەورەیە لەم مەیدانەدا بنەخشێنێت. لە پێش هەموو تاکێکی کوردەوە خۆمان بە بەختەوەر دەزانین کە توانیمان لە نۆ خولەکدا پێشینەیەک لە نەهامەتییەکانی گەلەکەمان بە هەموو نوێنەرانی وڵاتە جیاجیاکانی جیهان بگەیەنین لە میمبەرێکی فەرمی و کاریگەر و دەنگ بڵندەوە.

جێی بیر هێنانەوەیە لە ساڵەکانی پێشوودا، تەنها ئەوەندەمان لە تواناداهەبوو لەبەردەم دەروازەی ئەو ڕێخراوە و ئوتێلەکاندا لەگەڵ ئەو نوێنەرانەی لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە نێردرابوون، باس و خواسێک ئەنجام بدەین لەبارەی بەشدارییان و چۆنێتی نوێنەرایەتییان بەناوی گەلی کوردەوە. ئەو زەمەنە ئێمە ڕێگا پێنەدراو و بێبەش بووین لەوێ، خۆزگەمان بوو بمانتوانیایە ئەم خەمخۆرییەمان بە هەدەر نەچیت و ڕۆژێک بێت ئەو داخوازییانەمان بە دەنگ و ڕەنگ و بوونی خۆمان، بگەیەنین. ئەوا ئەمساڵ یەکەم هەنگاومان نا لەسەر ئەو ڕاستەڕێیەی کەدەتوانین بە کردار مەینەتییەکانی نەتەوەکەمان بگەیەنین بە جیهان لێوەی، وە بتوانین بۆ بەدەستهێنانی مافەکان سەربەرزانە بەرەوڕووی جیهان ببینەوە.
بەرنامەکانی ئەمڕۆ ٢٢_٣ _ ٢٠١٠ تایبەت بوو بە تیرۆر و کاریگەرییە ترسناکەکانی.
وەک لە وتاری ناوەندی چاکدا گەیشتووە بە ڕاگەیاندنەکان، باسمان لەو نەهامەتییانە کرد کە لە ڕابردوو و ئێستادا بەسەر میللەتەکەمان هاتووە و دێت، باسکردن لە خاپورکردنی چەندین دێهات و شارۆچکە لە ساڵانی ١٩٨٩ و ١٩٩٠ دا لە باکوری کوردستان لە لایەن دەوڵەتی تورکەوە، جینۆسایدی ناسنامەو زمان لە لایەن دەوڵەتی سوریا بەرامبەر بە کوردانی باشوری بچوک، کارەساتی ئەنفال و هەڵەبجە



لە باشوری کوردستان لەلایەن ڕژێمی لەناوچووی سەددام و تیرۆری چالاکوانانی مافی مرۆڤ و سیاسەتوانان و ڕۆژنامەنووسان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن ڕژێمی ئیسلامی ئێرانەوە. وە هەروەها داخستنی ڕۆژ تیڤی و ئەو ڕەشبگیرییەی لەم ڕۆژانەی پێشوودا چالاکوانانی کورد لە ئەوروپا دوچاری هاتن. پاشان تیشک خستنە سەر ئەو بێدەنگییەی جیهان هەڵبیژاردووە هەتا ئێستا و نەبوونی هیچ هەوڵێک بۆ ڕێگرتن و قەرەبووکردنەوە
لە بەرواری ٢٤.٣ دا دیسان لە ماوەی ٢ خولەکدا ڕێگەمان پێدرا بە زمانی فەرنسی داواکاریەکانی ناوەندی چاک پێشکەش بکەین، کە بریتیبوون لەم خاڵانەی خوارەوە.

١/ داواكارين ئاوڕێكی جددی بدەنەوە لە جینۆسایدی گەلی كورد، وەک كارێكی ڕەگەزپەرستی و تیرۆر و تاوانی مرۆیی قبوڵی بكەن، هەر وەک چۆن دادگای باڵای تاوانی عێراق ئەم تاوانەی بە جینۆساید ناساند و لەم ڕۆژانەشدا پەرلەمانی كەنەدای بەڕێز ئەم تاوانەی بە تاوانی مرۆیی ناسی و دانی پیا نا.

٢/ داواكارین كە بە یەک هەڵوێستی ئەم كۆنگرەیە، دەنگتان بخەنە پاڵ دەنگمان بۆ دانانی ڕۆژی ١٦.٣ بە ڕۆژی قەدەغەكردنی چەكی كیمیایی لە جیهاندا كە لەو ڕۆژەدا كیمیا بارانی هەڵەبجە كراو ٥ هەزار مرۆڤی بێتاوان شەهید كران.

٣/ هیوادارین لە ئەنجامی كۆبوونەوە و كۆنفرانسەكانی ئەم خولەی ئەنجومەنە بەڕێزەكەتان، بڕیار بدەن بۆ قبوڵكردنی هەڵواسینی وێنەیەكی عومەری خاوەر وەک سیمبولی كوشتنی ناڕەوای ٥ هەزار مرۆڤی هەڵەبجە لە یەكێک لە هۆڵەكانی ئەم بارەگا بەڕێزەی ئەنجومەنی باڵای مافی مرۆڤدا.

٤/ ئومێدەوارین ڕێگەمان پێبدەن بۆ كردنەوەی پێشانگایەكی وێنەیی لەسەر شوێنەواری تاوانی ئەنفال و كیمیابارانی هەڵەبجە و كوردستان.

جێگەی ئامژە پیدانە خۆشبەختانە، ڕێگە دراین بۆ هەڵواسینی وێنەی عومەری خاوەر و كۆرپەكەی و لە هامانكاتیشدا ڕێگەیان پێداین كە لا كاتێكی گونجاودا پیشانگایەكی وێنەیی شوێنەواری ئەنفال و كیمیابارانی هەڵەبجە و كوردستان بكەینەوە لە یەكێک لە هۆڵەكانی بارەگای ناوبراودا.



لەدوای تەواوبوونی كۆنگرەكە نوێنەرایەتی هەندێک وڵات و ڕێخراوەكان بە پیرمانەوە هاتن بۆ ڕاگۆڕینەوە و ووتوویژ لەسەر دۆزە ڕەواكەمان. ئێمەش بە توانایەكی بەرجەستەوە كەوتینە ئاخافتن و بەخشینی زانیاری زیاتر و شیكردنەوەی ووردتری مەینەتییەكان و مافە ڕەواكانمان.

ئەوەی لە كۆتاییدا ئەنجاممانداا، هەڵواسینی وێنەیەكی عومەری خاوەر بە نێوەندی ڕاڕەوەكانی باڵەخانەكەدا، بینیمان بۆردێک هەیە بۆ هەڵواسینی هەموو بابەتێكی نوێ، ئێمەش وەک یەكەم بەشداریمان ئەو وێنەیەمان بەجێهێشت، كە ڕەمزی هەموو ئەو ئازار و نەهامەتییانەیە بەسەر گەلەكەماندا هاتووە. هێشتا دوور

نەکەوتبوینەوە، سەیرکەرانی وێنەکە زۆر دەبوون و وەک وێنەکە بێدەنگ دەمانەوە بۆ چەند ساتێک.

**نوێنەرایەتی ناوەندی چاك: حاجی ئەنوەر ، هێمن ڕەئووف و ئازاد کەریم.**
**ناوەندی هەڵەبجە، دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد ـ چاك**
chak.org@gmail.com www.chak.info